# سپیکەری وایەرلەیسی ستوونی فلیپس

کۆمپانیای فلیپس که یەکێکە لە کۆمپانیا بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ، بەتایبەتی کارو ئەرکەکانی لە بەرهەمهێنانی سپیکەر واتە (بڵندگۆ)دا چڕ کردۆتەوە، لەم دواییەدا نوێترین سپیکەری وایەرلەیسی بەرهەمهێنا کە بە رای کۆمپانیای ناوبراو یەکەمین سپیکەری ستونی دەنگە لە جیهاندا، کە بڵندگۆکانی لێك جیا دەبنەوە و لەبەریەك دەخرێنەوە. لەراستیدا سیستەمە دەنگییەکە بۆ دەنگی 3D بەرهەم هاتووە. بە سپیکەری جۆری HTL9100 ناسراوە، بڵندگۆکە هیچ وایەرەکی نییە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا، بگرە بەبێ وایەرە، سوود لە سیستەمی بلوتوس Wi-fi وەردەگرێت. تەنانەت بۆ وزە وەرگرتنیش پێویستی بە وایەری کارەبایی نییە و شەحن دەکرێتەوە.





# هاردیسکێکی پورتێبڵ راستەوخۆ داتاکان لە ئینتەرنێت وەردەگرێت

هارددیسك ئێستاکە لە جیهانی دیجیتالی سەردەمدا بۆ گواستنەوە و ئەرشیف کردنی داتاکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە بەپێی قەبارە و سایزیان داتایەکی زۆر لەخۆیاندا رادەگرن، بەڵام هارددیسکی پورتێبڵی Pocket Playlist هاردێکە لەسەرووی هاردە پورتێبڵەکانی دیکە. ئەم هاردە توانایەکی سەرنج راکێشی هەیە، چونکە لە رێگای وایەرلەیسەوە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێت و راستەوخۆ لە سایتەکانی Netflix, Hulu فیلمی ڤیدیۆیی وەردەگرێت. پاش وەرگرتنی فایلە ڤیدیۆییەکان لە یەك کاتدا دەکرێت بیدەی بە 5 ئامێری تایبەت وەك لاپتۆپ و مۆبایل و تەبلێت و...تاد. بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لەم خزمەتگوزارییە دەبێت پێشتر هاوبەشی ساڵانەت کردبێت لە خزمەتگوزاری Pla-later کە بۆ ئەم بەشدارییە دەبێت ساڵانە 20 دۆلار بدەی. بەهۆی ئەم هاردە پورتێبڵەوە لە یەك کاتدا دەتوانن سەدان فیلم و هەزاران گۆرانی لە نێوان ئەو ئامێرانەی کە لە خزمەتگوزاری وایەرلەیس سوود وەردەگرن بکەی بە هاوبەش..

# دەسکی گەمە بۆ مۆبایلی هۆشمەندی ئەندرۆید

سیستەمی ئەندرۆید لە مۆبایلە هۆشمەندەکان، لە ریزی سیستەمە پێشکەوتووەکان دێت، هەربۆیە هەوڵدراوە یاری و پرۆگرامی تایبەت بەو سیستەمە هۆشمەندە بەرهەم بێن، دەسکی گەمە کە ئەو ئامێرەیە گشت ئەرك و فەرمانەکانی گەمەکردن ئەنجام دەدات، دەسکی گەمەی MOGA بەم مەبەستە بەرهەم هاتووە کە گەیمەرەکان لە کۆڵ کۆنترۆڵی گەمەی لەمسی بکاتەوە. چونکە یاری کردن بە کۆنترۆڵی لەمسی ئەو چێژەی نییە کە بە کۆنترۆڵی واقیعی دەکرێت. لەم دەسکی گەیمەدا 4 دوگمە لە پێشەوە، جگە لەوەش چەندین دوگمەی تر هەن کە ئەرکی ئاسانکاری گەمەکردن بەو دەسکی گەمەیە ئەنجام دەدەن. دەسکی گەمەی ناوبراو بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لە ئامێرە هۆشمەندەکانی ئەندرۆید پەیوەند دەدرێت. لەم دەسکی گەمەیەدا دەکرێت تەبلێتەکان یان مۆبایلەکان لە سەر دەسکی گەمەکە دابندرێن.







# پایسکل و سپیکەری بلوتوس

لە پێشانگای CES 2013 دا گەلێك ئامێر و گەجێتی دیجیتالی وەك پەنجەرەیەك بۆ تەکنەلۆژیای داهاتوو نیشـــاندران. یەکێك لەو ئامێـــرە تەکنۆلۆژییە دیجیتالییە نوێیە، سپیکەرێك بوو کە تایبەت بوو بە پایسکل لێخوڕین.

کۆمپانیای boom Bottle ســـپیکەرێکی بلوتوسی بەرهەم هێناوە کە لەو شوێنە دادەندرێت کە پایسکل ســـوار (قوم قومەی) ئاوی لێ دەبەستێت. چونکە پایسکل ئەگەری بەربوونەوەو کەوتنە خوارەوەی هەیە بۆیە سپیکەرەکە لە پلاستیکێکی پتەو دروست کراوە کە ئاوی تێناچێت.

سپیکەرەکە هەتا 10 کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت.



# دی لینک مۆدێمی تایبەت بە گەیمی خستە بازاڕەوە

کۆمپانیـــای D-Link کە ئەرکی کۆمپانیاکە لـــە بەرهەمهێنانی ئامێرەکانی تایبـــەت بە تۆڕدا چـــڕ کراوەتەوە، لەم ماوەیەدا مۆدێمـــی تایبەتی خۆی کە لە ســـتاندەری تۆڕی IEEE 802.11ac سوود وەردەگرێت خستە بازاڕەوە. ئەم مۆدێمە کـــە بە جۆری DGL-5500 ناســـراوە یەکەم مۆدێمە کە لـــە تەکنەلۆژیای نوێی streamBoost سوود وەردەگرێت. مۆدێمی ناوبراو دوو شوێنی هەیە بۆ ڕاگواستنی داتاکان و هەتا 1300 میگابایت داتا لە چرکەیەکدا رادەگوێزێت. هەروەها لە یەك کاتـــدا بۆ بەکارهێنەرانی wi-fi بە خێرایی 450 میگابایت داتا لە چرکەیەکدا رادەگوێزێت.

بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە لە وایەر بۆ ڕاگواستنی داتاکان سوود وەردەگرن چوار شـــوێنی کێبڵی LANی یەك گیگابایتی هەیە و جگە لەوەش کەلێنێکی WANی یەك گیگابایتی.

# تەبلێتی کاغەزی پەنجەرەیەک بۆ داهاتووی تەکنەلۆژی

ئەم وێنەیەی کە دەبینن یەکەمین تەبلێتی کاغەزییە کە لەلایەن دوو کۆمپانیای پلاســـتیك لوگیك و ئەنتەل بەرهەم هاتووە.

تەبلێتە کاغەزییەکە پرۆسیسەری جۆری Core i5ی ئەنتەلـــی لەســـەرە و هیچ جیاوازییەکـــی نییە لەگەڵ تەبلێتێکی دیکە. تەبلێتەکە لە دوو شاشە پێکدێت کە ئەگەر لەلای یەکیان دابنێیت وەك یەك شاشەیان لێدێت. شێوازی کارکردنـــی تەبلێتەکە لە تەبلێتەکانی دیکە جیایە، بۆ نموونە گەر بتەوێ فیلمێکی ڤیدیۆیی ببەیە پێشـــەوە دەبێت گۆشـــەی تەبلێتەکە هەندێك بۆ پێشەوە بنووشتێنیەوە. هەرچەندە ئەم تەکنەلۆژییە زیاتر ئەزموونییە، بەڵام پێدەچێت ساڵانی داهاتوو چاوەڕێی تەکنەلۆژیای لەم جۆرە بین.



# شەحنکەرەوەی خۆری لە جۆری Yeti 150




شەحنکردنەوە واتە بارگاوی کردنەوەی باتری ئامێرەکانی دیکەی تەکنەلۆژیای سەردەم لە ریزی گرنگترین بابەتە سەرەکییەکانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی دێت. مۆبایل، کامێرا، لاپتۆپ، تەبلێت و ئامێری گەمەی منداڵان...تاد. چەندە شەحن رادەگرن و بە چ شێوازێك شەحن دەکرێنەوە گرنگی تایبەتی بە ئامێرەکان دەبەخشن. هەرچەندە هەوڵدراوە شێوازی شەحنکردنەوەی باتری ئامێرەکانی دیجیتالی لە کارەباوە بگۆڕن بۆ وزەی ئاو، خۆر، با و زۆر وزەی دیکەش... دوای کارەبا خۆر لە پلەی یەکەمدا دێت.

هەربۆیە لەم دواییانەدا ئەندازیارانی کارەبایی کۆمپانیای Goal zero شەحنکەرەوەیەکی هەتاویان بەناوی Yeti بەرهەم هێناوە کە تا رادەیەك زۆر سەرکەوتووە لە بارگاوی کردنی باتری ئامێرە دیجیتاڵییەکان.

ئامێرەکە کێشەکەی تەنیا 5.5 کیلۆیە، باشترین ئامێرە بۆ ئەو کاتانەی کە لە گەشت و سەیرانی چەند رۆژەی دوور لە وزەی کارەبایی. شەحنکەرەوە هەتاوییەکە باترییەکی زۆر بەهێزی هەیە و بەقەد باتری سەیارەك، هەربۆیە دەکرێت هەموو ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی پێ شەحن بکرێتەوە.

خودی شەحنکەرەوەکە بە 12 کاتژمێر تشکی خۆر بەتەواوی شەحن دەبێتەوە. دوای ئەوە دەکرێت هەرچی ئامێری تەکنەلۆژییە بۆ ماوەی 12 رۆژ پێی شەحن بکرێتەوە.






## حەز دەکەی بزانی ئیمێلەکەت خوێندراوەتەوە؟

کاتێك ئیمێلێك بۆ کەسێك دەنێریت، بەتایبەتی ئەگەر ئیمێلەکە بۆ مەبەستێکی گرنگ بێت، حەز دەکەیت بزانیت ئەو کەسەی ئیمێلەکەت بۆ بەرێ کردووە، ئیمێلەکەتی خوێندۆتەوە یان نا؟ ئەگەر خوێندویەتەوە چ کاتێك بووە؟ سایتی www.spypig.com ئەو سایتەیە کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، کاتێك لە سایتەکەدا ئەکاونتێکت بۆ




خۆت کردەوە، سایتەکە ئاگادارت دەکاتەوە کە ئیمێلەکەت، جا بۆ هەر کەسێك بەرێ کردبێت کە لە یەکێك لە سایتە خزمەتگوزارییەکی وەك یاهوو، یان گیمێل یان هەر سایتێکی ئیمێلی هەبێت، پێت رادەگەیەنێت کە ئیمێلەکەت خوێندراوەتەوە یان نا؟ چونکە زۆر جار کە ئیمێل بۆ کەسێك دەنێرین و بابەتی ئیمێلەکە تایبەت بێت بە جێبەجێکردنی کارێك، ئەو کەسەی ئیمێلی بۆ نێردراوە دەڵێت، بڕوا بکە من ئەو ئیمێلەی جەنابتم نەدیوە، یان هەر لەمێژە ئیمێل ناکەمەوە، بەڵام کە بوویت بە ئەندام لەو سایتەدا ئیدی سایتەکە ئاگادارت دەکاتەوە کە چ کاتێکیش ئیمێلەکە خوێندراوەتەوە.

# تەنکترین و سووکترین مۆبایلی جیهان لە لایەن ئەلکاتلەوە




تەنکترین یان بەهێزترین، یان کەم کێشترین یا ...تاد، لە جیهانی تەکنەلۆژیادا بەو مانایە نایەت کە ئەو ئامێرە بۆ هەمیشە لەم ئاستەدا دەمێنێتەوە، بگرە هەتا رکابەرێك بۆ ئەم ئامێرە تەکنەلۆژییە دێتە بەرهەم لە پلەی یەکەمدا دێت.

کۆمپانیای ئەلکاتل لەم دواییەدا مۆبایلێکی هۆشمەندی بەناوی Idol Ultra One Touch بەرهەم هێناوە کە بە بۆچوونی کۆمپانیای ناوبراو لە ریزی تەنکترین مۆبایلە هۆشمەندەکانی جیهان دێتە ژمار. مۆبایلی Idol Ultra بارستایی تەنیا 6.45 ملمە. شاشەکەی 4.7 ئینجە. سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە. مۆبایلێکی دیکەی هۆشمەندی کۆمپانیای ناوبراو کە بەناوی One touch Idol ناسراوە کێشەکەی تەنیا 110 گرامە و کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت ئەمەش کەم کێشترین مۆبایلی هۆشمەندە. مۆبایلی ناوبراویش شاشەکەی 4.7 ئینجە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی گۆڤارەکەمان لە پرسیارێکدا کە ئاراستەی کردووین دەپرسێت، پیکسێل چییە؟ لە کڕینی کامێرای دیجیتالیدا دەڵێن ئەو کامێرایە ئەوەندە میگاپیکسێلەیە، ئایا لەسەربوونی میگاپیکسێل بە مانای باشبوونی کامێراکەیە؟

خوێنەری بەڕێز یەکەی هەرە بچووکی وێنەی دیجیتالی پێیدەگوترێت پیکسێل، بەمانایەکی سادەتر ئەگەر وێنەیەك وەك بینایەك سەیر بکەین، هەر پیکسێلێك وەك بلوکێك یا کەرپوچێك وایە، هەتا ڕێژەی بلوك یان کەرپووچەکان زۆرتر بن و باشتر پاڵ وێك دەن بینایەکە مەحکەمترە، ئەگەر لە مەترێکدا 30 کەرپوچ هەبێ باشترە و مەحکەمترە کە لە مەترێکدا 10 کەرپوچ هەبێت. هەتا ڕێژەی پیکسێل لە کامێرادا زیاتر بێت، وێنەکە باشترە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە وێنەکە جوانترە، چونکە لە کامێرای دیجیتالیدا بەتەنیا میگاپیکسێل ڕۆڵی نییە، بگرە زوم، فۆکس و زۆر شتی دیکە ڕۆڵ دەبینن، کامێرا هەیە 8 میگاپیکسێلە و هەیە 20 میگاپیکسێلە بەڵام بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە دەبینین وێنەی کامێرا8 میگاپیکسێلەکە جوانترە، کەوایە بە تەنیا پیکسێل ڕۆڵی نییە لە کامێرای دیجیتالیدا.

## کامێرای کانون پردێک لە نێوان کامێرا و مۆبایلدا

کانون وەك یەکێك لەو کۆمپانیانە دێت کە مێژووی کۆمپانیاکە لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرای فۆتۆگرافیدا زیاتر بۆ لە نیو سەدە دەگەڕێتەوە، بەرلەوەی کە کامێرای فۆتۆگرافی ببێت بە دیجیتالی، کانون وەك یەکێك لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی ئەم بوارەدا دەهاتە ژمار. لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو کامێرایەکی بەناوی -Po ershot N بەرهەم هێناوە کە سایز و قەوارەکەی بەقەد مۆبایلێك دەبێت و دەکرێت لە گیرفان بخرێت. بەڵام وەك دەڵێن شت بە گەورە و بچووکی نییە، کامێرای ناوبراویش لە ریزی کامێرا هۆشمەندە پێشکەوتووە بەهێزەکان دێت. شاشەی کامێراکە تەنیا 2.8 ئینجە و تەواو لەمسییە، دەکرێت هەتا 90 پلە بە دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە. کامێراکە دەکرێت لە تۆڕی Wi-Fi پەیوەند بدرێت و دوگمەیەکی تایبەتی هەیە کە وەك پردێك لە نێوان کامێرا و مۆبایلدا سوودی لێوەردەگیرێت. کاتێك بتەوێت لەنێوان کامێراکە و مۆبایلدا پەیوەندی هەبێت، هەر ئەوەندەبەسە کە پرۆگرامی پەیوەنددار بەم کارە لە مۆبایلەکەی خۆدا دابەزێنیت و پاشان بە داگرتنی دوگمەیەك پەیوەندی لە نێوان مۆبایل و کامێرادا دروست دەبێت و دەکرێت وێنەکان بە شێوەیەکی وایەرلەیس دامەزرێنیت. کامێراکە توانایەکی تایبەتی هەیە بەناوی CreativeECo کە ئەو کاتەی سوود لە کامێراکە وەرناگیرێت، کامێراکە دەکەوێتە حاڵەتی (سلیپ) و دەکوژێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەحنی باترییەکەی زوو دانەبەزێت. کامێراکە 12 میگاپیکسلە، لینزەکەی 28 ملمە، زومی ئیپتیکالی 8ە.